### بەندی١ . زیادکردنی هوشیاری

وڵاتانی ئەندام دەبێت چالاکانە هەوڵی زیادکردنی هوشیاری دەربارەی ماف، پێویستی و توانای کەسانی کەمتوانا بدەن، هەروەها ئەم کەسانە چیان لە توانادا هەیە، بیکەن.

### بەندی ٢. خزمەتگوزاریی دەرمانی و ڕێگای چارەدۆزینەوە

وڵاتانی ئەندام بەرپرسیارن کە بە شێوەیەکی چالاک، خزمەتگوزاریی دەرمانی و ڕێگای چارە بۆ خەڵکی کەمتوانا بۆ گەڕانەوەیان بۆ ژیانێکی ئاسایی، بدۆزنەوە.

### بەندی ٣ ڕاهاتنەوە

ڕاهاتنەوە، پرۆسەیەکی دوور و درێژە بە مەبەستی چاککردنەوەی ئەو بەشەی/بەشانەی لەشی مرۆڤێک کە لە کارکەوتووە یان لە کارکەوتوون، دواتر گەڕاندنەوەی بۆ سەر ژیانی ئاسایی خۆی. وڵاتانی ئەندام دەبێت پرۆسەی ڕاهاتنەوە بۆ کەسانی کەمتوانا مسۆگەربکەن، بۆ ئەوەی ئەوان هەرچی زووتر بگەڕێنەوە بۆ ژیانی ئاسایی و سەربەخۆی پێشتریان.

### بەندی ٤ . پشتگیری وخزمەتگوزاری

وڵاتانی ئەندام دەبێت گەرەنتی گەشەپێدان و دەستپێڕاگەیشتن و پشتگیری و خزمەتگوزاری بدەن. هەروەها ئەم وڵاتانە دەبێت کەرەستەی یارمەتیدەر بە خەڵکی کەمتوانا بدەن، بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ ژیانی ڕۆژانە بەڕێوەبەرن و بتوانن کەڵک لە مافی خۆیان وەربگرن.

### بەندی ٥ . گونجاندنی کۆمەڵگا بۆ کەمتوانایان

وڵاتانی ئەندام پێویستە پرۆگرامی گونجاندن بەڕێوەبەرن، تاکو کەمتوانایان بتوانن لە



کۆمەڵگادا ژیانێکی ئاسایی بەڕێوەبەرن، جا ئەو کەمتوانایییە گەورە بێت یان بچووک بێت. هەروەها دەوڵەتانی ئەندام دەبێت گرینگی زۆر بەوە بدەن کە دەرفەتی دەست پێڕاگەیشتن بە زانیاری و پەیوەندیگرتن بۆ کەمتوانایان ئاسان بکەنەوە.

### بەندی ٦ . خوێندن

منداڵان، لاوان و گەورەساڵانی کەمتوانا دەبێت و پێویستە دەرفەتی یەکسانیان بۆ بەشداری کردن لە خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی و زانکۆدا هەبێت.

### بەندی ٧ . کار

دەوڵەتانی ئەندام دەبێت لە شار و گوندا، کاری بە بەرهەم و مووچەدار بۆ کەمتوانایان پەیدا بکەن.

### بەندی ٨ . دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی وئابووری

وڵاتانی ئەندام لە دابینکرکردنی ئاسایشی کۆمەلایەتی و داهاتێکی باش بۆ کەمتوانایان بەرپرسیارن.

### بەندی ٩ . ژیانی خێزانی و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی

وڵاتانی ئەندام دەبێت ڕێگا خوشکەربن بۆ ئەوەی کەمتوانایان، وەکو کەسانی تر بتوانن لە کۆمەڵگەدا خاوەنی ژیانی خێزانی و تایبەتمەندییەتی کەسایەتی خۆیان بن. یاساکان بۆیان نییە لە بابەتی پەیوەندی زایندەیی و دروستکردنی خێزان و مافی دایک و باوکایەتیدا، جیاوازی لە نێوان کەسانی کەمتوانا و لەشساخدا بکەن.

**بەندی ١٠ . کولتوور**

وڵاتانی ئەندام دەبێت تێبکۆشن بۆ ئەوەی کەسانی کەمتوانا بتوانن وەکو هەموو خەڵکانی تری کۆمەڵگە، بە شێوەیەکی یەکسان بەشداری لە چالاکیی کولتووریدا بکەن.

**بەندی ١١ . پشوو و وەرزش**

مرۆڤی کەمتوانا دەبێت مافی کەڵکلێوەرگرتنی لە وەرزش و پشوودان بە شێوەیەکی یەکسان و بەرانبەر وەکو هەموو خەلکی تری کۆمەڵگە هەبێت.

**بەندی ١٢ . ئایین**

وڵاتانی ئەندام دەبێت ڕێگا خۆشکەربن بۆ ئەوەی کەمتواناکان بتوانن بە شێوەیەکی یەکسان وەکو هەموو خەڵکانی تری کۆمەڵگە، پەیڕەویی ئایینی خۆیان بەڕێوەبەرن.

**بەندی ١٣. زانست و لێکۆڵینەوە و ئامار**

وڵاتانی ئەندام بەرپرسیارن و دەبێت تێبکۆشن، بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاری و پێدانی ئاگاداری لەسەر بارودۆخی ژیانی کەمتواناکان لە کۆمەڵگادا، هەروەها دەوڵەتەکان دەبێ یارمەتیی پێوست بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کەمتواناکان لە گشت بوارەکاندا بدەن.

**بەندی ١٤ . سیاسەت و بەرنامە دارشتن**

وڵاتانی ئەندام دەبێت تێبکۆشن کە لە پەیوەندیی سیاسی و دارشتنی بەرنامە لە بواری سەرانسەریدا، بەرژەوەندیی کەمتواناکان لەبەرچاو بگرن.

**بەندی ١٥ . یاساکان**

وڵاتانی ئەندام دەبێت بنەمایەکی یاسایی بۆ یەکسانی و بەشداریکردنی خەڵکانی کەمتوانا لە کۆمەڵگادا دروست بکەن.

**بەندی ١٦ . سیاسەتی ئابووریی**



وڵاتانی ئەندام بەرپرسیارن لە دارشتنی بەرنامەی عەمەلی و دۆزینەوەی ڕێگای چارەی بەشداری و یەکسانیی کەمتواناکان لە بواری ئابووریی میللیدا.

**بەندی ١٧ . هاوئاهەنگی**

وڵاتانی ئەندام بەرپرسیارن کە کۆمیتەی هاوئاهەنگیی میللی یان دامەزراوێکی لەم چەشنە، بۆ دابینکردنی پرسی کەمتواناکان، دروست بکەن.

**بەندی ١٨ . ڕێکخراوی کەمتواناکان**

وڵاتانی ئەندام دەبێت دان بەوەدا دابنێن، کە ڕێکخراوی کەمتواناکان مافیان هەیە نوێنەرایەتی خەڵکی کەمتوانا بکەن. هەروەها ئەوان دەبێ دان بە ڕۆڵی ڕاوێژکاریی ڕێکخراوی کەمتواناکان دابنێن، کاتێک کە بریارەکان پەیوەندییان بە پرسی کەمتواناکانەوە هەیە.

**بەندی ١٩ .فێرکردنی کارمەندان**

لە تەواوی پلەکاندا، پێویستە فێرکردنێکی گونجاو هەبێت بۆ ئەو کارمەندانەی کە بەشداری لە دارشتن و بەڕێوەبردنی بەرنامە و خزمەت بە خەڵکی کەمتوانا دەکەن.

**بەندی ٢٠ . پشکنینەوە و لێکۆڵینەوەی نەتەوەیی**

وڵاتانی ئەندام بەرپرسیارن بۆ پشکنین و لێکۆڵینەوەی بەردەوام لە بەرنامەی نەتەوەیی و خزمەتگوزاریی بۆ سەقامگیرکردنی یەکسانی و بەرابەری بۆ کەمتواناکان.

**بەندی ٢١ . هاوکاری تێکنیکی وئابووریی**

وڵاتانی ئەندام، هەم وڵاتانی پیشەسازی و هەم وڵاتانی پێگەیشتوو، بەرپرسیارن کە بەیەکەوە هەوڵبدەن بۆ باشترکردنی ئاستی ژیانی خەڵکی کەمتوانا لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا.

**بەندی ٢٢ . هاوکاریی نێونەتەوەیی**

وڵاتانی ئەندام دەبێت چالاکانە بەشداری لە هاوکاریی نێونەتەوەییدا بکەن.